

وێنە لە میدیای نوێ دا

وەرگێڕان و ئامادەکردنی

ئاسۆ وەهاب

الشبكة العراقية للإعلام المجتمعي
العراقيون يدونون من أجل الإنسان

INSM
IRAQI NETWORK FOR SOCIAL MEDIA



Cyber Kurds

kurdish internet security team

cyberkurds.blogspot.com



aso.wahab

@asowahab

asowahab

asowahab

asowahab.blogspot.com





لە ئەمڕۆدا پڕوپاگەندەو هەواڵی درۆ بە شێوەیەکی بەرفراوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە، بەتایبەت ئێمە لە باشووری کوردستان لەناو جەرگەی ڕووداوەکاندا دەژین، شەڕی عێراق، سوریا، تورکیا، کێشەی کۆچبەران، کێشمەکێشی ناتەندروستی سیاسی لە هەرێم . بە داخەوە هەم لە ئاستی جیهانی و هەم لە ئاستی خۆجەیی زۆر جار کەناڵەکانی میدیا ئەو توانایەیان نییە رۆماڵی هەموو ناوچەکان بکەن و لە هەموو وێنەو ڤیدیۆیەك ورد ببنەوە بەتایبەت ئەوانەی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەبنەوە، لێردا ئەو شێوازو بەرنامانە دەخەینەڕوو کە یارمەتی رۆژنامەنووس دەدات بۆ ئەوەی ورد بێت لە گواستنەوەی وێنەو هەڵە نەکات، چونکە هەر هەڵەیەك ڕاستگۆیی کەناڵەکەی دەخاتە بەر مەترسی

١- ئایا ١٠٠٪ دڵنیاین ؟

٢- تەکنیکی ڕاڤەکردنی وێنەو پرۆسەی بەدوادا گەڕان .

٣- مێژووی گرتنی وێنەکە .

٤- وێنەکانی گوگڵ

٥-زانیارییەکانی EXIF

٦- دیاریکردنی شوێنی جوگرافی

٧- شیکردنەوەی وێنە لە ڕێگەی بینینی ئاساییەوە

٨- نەخشەی گوگڵ، گوگڵ ئێرس و ڤیو

٩- کێ وێنەکەی بڵاو کردووەتەوە ؟

١٠- وردبوونەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

١١- پەرەپێدانی تۆڕی پەیوەندییە تایبەتییەکانی خۆت ؟

١٢- ئەی چی لە بارەی فیترەتی مرۆڤەوە ؟

١٣- لەو شوێنەوەی تۆ پێشبینیت نەکردووە میدیا دەتگەوجێنێت .

١٤- پێشنیاری بە دواداچوون .

١٥-هەندێك سەرچاوە بە ئینگلیزی


سەرهەڵدانی پروپاگەندەو بڵاوبوونەوەو بڵاوپێکردنی هەواڵی درۆ لەگەڵ ئەنتەرنێتدا نەبووە، هاوکات دەستکاریکردنی وێنەو ساختەکردنی وابەستەی دەرکەوتنی فۆتۆشۆپ و تویتەر نییە، مێژووی ئەم ڕەفتارو مامەڵانە زۆر لەمە کۆنترە . بۆ نموونە لە روسیای سۆڤێتیدا بەردەوام ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی لە دەسەڵات دوور دەخرانەوە لە ناو وێنەکان دەردەکران .



وێنەی سەرۆکی پلیسی هێنی نیکۆلای یگۆف بە هاوڵی لەگەڵ ستالین، لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو

ئەوە مەسەلەیەی کە لەو سەردەمەوە تا ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەوەیە لە ئێستادا بانگەشەکردن بۆ هەواڵی درۆ لەبەردەستی هەمووانە، هەمووان بە پێی مەیلیان بەشداری لە پرۆسەی بانگەشەکردنەکە دەکەن، لەمەیشدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵی گەوهەرییان هەیە .

ڕووداوەکانی کودستان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە خودی ڕاستی بووەتە قوربانی درۆی دەستەجەمعی هەمووان لە پێناو خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان درۆ دەکەن و هەواڵی ساختەو وێنەو گرتەی ڤیدیۆی بێ بنەما بڵاو دەکەنەوە . ئامانج لە هەموو ئەمانە چاندنی دڵەڕاوکێ و بەلاڕێدابردنی راستییە .



له وێنەی یەکەمدا ئەو ئۆتۆمبیلە دیارە کە لە نزیکی پۆلیسێکی پاسەوانی بەردەم شالی ئیبدۆ کوژرا . ئاوێنەکانی لا تەنیشت ڕساسی باون .
وێنەی دووەم لەبازنەی ١٩ی پاریس گیراوە ئەو دەمەی ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆریستییەکە لەو بازنەیە ە جێیان هێشتبوو . زۆرێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە پۆلیس و میدیا درۆ دەکەن لەوەی تەنها یەك ئۆتۆمبیل بووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئاوێنە لا تەنیشتەکانی وێنەی دووەم ڕەشن .
ڕاستییەکە ئاوێنەی لا تەنیشتەکانی ئەو ئۆتۆمبیلە لە ماددەی کرۆم دروستکراون و ڕەنگی لە گەڵ گۆشەی کەوتنی رووناکی ەگۆڕێت و لە بنەڕەتدا یەك ئۆتۆمبیل بوو نەك دوو .



له ئۆکراین چالاکوانانی لایەنگری روسیا بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەم



وێنەیە بەڵگەیە لەسەر چەکداری نازی لە ڕیزەکانی سوپای ئۆکراین بەشداری شەرەکانن ، لە ڕاستیشدا ئەم وێنەیە بە فۆتۆشۆپ کراوە .

لێرەدا ئەو ئامۆژگاریانەتان دەخەینە بەردەست کە پێویستن بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی وێنەو ڤیدیۆ، ئەم ئامۆژگارییانە دەرئەنجامی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسانمانە لەبەشی (چاودێریکردن)، لە گەڵ پسپۆڕان لەبواری دڵیابوون لە ڕاست و دروستی وێنەو زانیاریی (پوختەی ٨ساڵ کارکردنە) .

١- ئایا ١٠٠٪ دڵنیاین ؟

پێش چوونە ناو وردەکاری پرۆسەی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی وێنە، دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەرگیز ناتوانین ١٠٠٪ دڵیابین لە ناردوستی وێنەیەك . هەندێك جار لەوانەیە مێژووی گرتنی وێنەکە دروست نەبێت، یان هەندێك وردەکاری ناگونجێت لەگەڵ ئەو وەسفەی لە خوارەوەی وێنەکە هەیە. پرۆسەی دڵنیابوون یارمەتی ڕۆژنامەوان دەدات بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەوەی بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەی وێنە . لەوانەیە بڕیاری بڵاوکردنەوەی وێنەیەك بدەیت کە مێژووی گرتنەکەی نازانیت، بەڵام دڵنیایت دیمەنی ناو وێنەکە پەیوەستە بە ڕووداوەکەوە .

٢- تەکنیکی ڕاڤەکردنی وێنەو پرۆسەی بەدوادا گەڕان .

پرۆسەی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی وێنە دوو جۆر لێهاتوویی دەوێت، تەکنکەکانی راڤەکردن کە بوارت دەدات زانیاری شاراوەی وێنەکە یان ڤیدیۆکە بە دەست بهێنیت، یان جێبەجێکردنی ئامرازە ساناکانی ڕۆژنامەوانی سوننەتی (تقیلدی) لە گەڕان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان .

لە سەرەتادا هەندێك ئامرازی ئاسان دەخەینە بەردەستان کە بۆ دڵنیابوون لە وێنە و ڤیدیۆ بەکار دەێن :

* مێژووی گرتنی وێنەکە .

پرۆسەی پێکەوە لکاندنی وێنە یان ڤیدیۆ بە شێوەیەك کە باوەڕی پێ بکەی ئاسان نییە، بەڵام اتوانین بڵێین مەحالە، کەناڵەکانی میدیا لە چین ئەم تەکنیکە زۆر بەکار دەهێنن بەڵام زۆر جار دەرئەنجام قەیلکەر نییە .

ئەم وێنەیە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی هانجشتۆ بڵاو کراوەتەوە .



لێرەدا روونە کە وێنەکە ساختەیە و بە فۆتۆشۆپ کراوە چونکە هەڵەیەکی زۆر لە ڕێژەو قەبارەی کەسەکانی ناو وێنەکە هەیە

پرۆسەی دەستکاری پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر هەیە، هەندێك جار هەڵخەڵەتێنەران پەنا بۆ تەکنیکێکی زۆر ئاسان دەبەن بۆ گومڕاکردنی وەرگر .

وێنەی کۆن بڵاو دەکەنەوە و پەیوەستی دەکەن بە سیاقێکی نوێ و ڕووداوێکی نوێوە، بۆ نموونە ئەم وێنەیە لە ماوەی ڕابردوودا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوەیەوە بەوەی پەیوەستە بە ڕووداوە خوێناوییەکەی حەجی ساڵی ٢٠١٥ . لە ڕاستیدا ئەم وێنەیە لە ئەنجامی پاڵپاڵێنێکی هاوشێوە لە ساڵی ٢٠٠٤ گیراوە، کەس ناتوانێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە تەرمی قوربانییەکان بەو شێوەیە هەڵگیرابێتەوە، خودی وێنەکەیش بواری ئەوە نادات .




*** وێنەکانی گوگڵ**

بۆ زانینی دروستی وێنە، بەوەی تەنها بۆ تۆ نێردراوە یان لە شوێنی تریش بڵاو کراوەتەوە، ئەوا وێنەکە بار بکە بۆ google image یان Tineye بۆ زانینی راست و دروستی وێنەکە .

کۆمەڵە چالاکوانێك ئەم وێنەیەیان خستەڕوو بەوەی وێنەی منداڵێکە بە هۆی نەهامەتی جەنگی رۆژهەڵاتی ئۆکراینەوە دەناڵێنێت .




دوای بارکردنی بۆ google image دەرکەوت مێژووی گرتنی ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٠ واتا پێش قەیرانی ئوکراین، ئەم وێنەیەش لە چوارچێوەی پێشبڕکێیەك لە ئوسترالیا نمایش کراوە .



Google image ئامرازێکی بەسوودە، بەڵام ناتوانیت بۆ هەموو شتێك بەکاری بهێنیت، ناتوانیت بۆ دۆزینەوەی هەموو وێنە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕی نێت .

هەندێك ئامرازی تر هەیە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ پرۆسەی گەڕان لەوانە ئەو ئامرازەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی پەرەی پێداوە بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو ماڵپەڕانەی کە ڤیدیۆکەی تیایدا بڵاوکراوەتەوە .

لینکی ئامرازەکە : http://www.amnestyusa.org/citizenevidence/



لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ لەمێژوویەك جیاواز لەوەی کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاشـــکرایان کردووە، ئەوا ئامرازەکە ئەو مێژووە ڕاســـتەقینەیە دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر کەســـێك دەســـتکاری ڤیدیۆکە بکات و بۆ نموونە چەند جرکەیەکی لێبسڕێتەوە ئەوا دۆزینەوەی سەرچاوەکەی ئاسان نابێت >

* زانیارییەکانی EXIF

بریتییە لە هەموو زانیارییەکانی وێنەکە ، لەکاتی گرتنی وێنە بە ئامێرێکی دیجیتاڵی کامیرا/مۆبایل کۆمەڵە زانیارییەکی تایبەتی لەگەڵیا زەخیرە دەبێت وەك مێژووی گرتنی وێنەو جۆری ئەو ئامێرەی پێی گیراوە .

بۆ زانینی زانیارییە بەرایییەکانی وێنە کلیکی لای ڕاستی لەسەر دەکەین و پاشان کلیك لەسەر Properties.

هەروەها دەتوانین لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی Jeffrey's Exif viewer زانیارییەکانی وێنە بە دەســت بهێنین .



دەبێت ئەوە بزانین زانیارییەکانی Exif دڵنیایی تەواومان ناداتێ لەبارەی دروســـتی وێنە، چـــونکە زۆر جار زانیاریی وێنەکان دوای بڵاوکردنەوەی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەستاریکردنی بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ جیاواز دەبێت . بۆیە ئەو کاتەی دەتەوێت دڵنیابیت لە وێنە هەمیشـــە هەوڵبدە وێنە ئۆرجناڵەکە بدۆزیتەوە، هاوکات ئەگەر ویچـنەکە بە ئیمێڵ بۆ تۆ نێردرابێت ئەوا زانیارییەکانی لەدەسـت نادات . هاوکات دەبێت وریا بیت کەسانی شارەزا دەتوانن بە دەستکاریکردنی زانیارییەکانی وێنە کات و شوێنی گرتنی فریوت بدەن

*** دیاریکردنی شوێن جۆگرافی** (geolocalisation)

هەندێك لە ســـاختەچـــییەکان لە ســـەر تۆڕی نت وێنەیەك لەســـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە و دەیبەستنەوە بە ڕووداوێك کە لە ولاتێك ڕوویداوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وێنەیە لە ولاتی تر گیراوە (نموونەی ســـوتاندنی قوربانییەکانی بومەلەرزەکەی تبت لە چـــین کە دەبەســـترێتەوە بە پێشـــێلکردنی مافی مرۆڤ لە میانمار) بۆ ئەوەی تووشـی ئەم دۆخە نەبن ڕۆژنامەنووسـەکان لە ئەمڕۆدا ئامارزەکانی دیاریکردنی سـنووری جوگرافی بەکار دەهێنن . چـــەندان ئامراز لەســـەر تۆڕی نت هەیە کە بواری دیاریکردنی شـــوێنی جوگرافی دەدات، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو کەسەی وێنەکەی داناوە نزیکە لە ڕووداوەکەوە یان دوورە، لەو ئامرازانە :

Yomapic و Echosec و Gramfeed و SAM Desk و Geofeedia.

بۆ زانینی شوێنی شوێنی بڵاوکردنەوەی تویت (پۆست لە تویتەر) کلیك لەسەر ئەم لینکە بکە یان کۆپی بکەو لە ئەدریس داینێ

https://twitter.com/search-advanced?lang=ar

الصفحة الرئيسة عن تويتر البحث في تويتر هل لديك حساب؟ تسجيل الدخول

بحث مُتقدّم

كلمات

كلّ هذه الكلمات

هذه العبارة بالضبط

أيّ من هذه الكلمات

باستثناء هذه الكلمات

هذه الوسوم

كُتبت بـ أي لغة

أشخاص

من هذه الحسابات

لهذه الحسابات

الإشارة إلى هذه الحسابات

الأماكن


دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بەکارهێنەرانی ئامرازی (تویت دیك) کە بەرنامەیەکی تایبەتە بە بەکارهێنان‌و بەڕێوەبردنی تویتەر دەتوانن پشـت بە تەکنیکی geocode وەرگرن بۆ دیاریکردنی سـنووری جوگرافی وێنە .. لەم لینکەوە شێوەی بەکارهێنانی بەرنامەکە بزانە (بەئینگلیزییە) .

وەك وتمان تەنها پشت بەستن بە ئامرازی تەکنیکی دروستی وێنە ناسەلمێنن، بگرە پێویستە پشت بە چاوو بینین ببەستین بۆ دوزینەوەی هەر ساختەکارییەك لە وێنەدا ئەنجام درابێت .

http://thoughtfaucet.com/search-twitter-by-location/tweetdeck-twitter-location-search-tutorial/

شیکرنەوەی وێنە بە چاوی ئاسایی

ئەم وێنەیە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکی کەناڵی فرەسـی ٢ France بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە، وا خراوەتەڕوو کە لە دیسەمبەر/کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ .



ئەم وێنەیە هەندێك وردەكاری تێدایە، دەتوانین بپرســـین، ئایا ئەمە ڕەنگی قەڵغانی پۆلیســـی ئێرانییە ؟ ئایا شۆستەكانی تاران ڕەنگیان زەردە ؟ ئایا شێوەی جلوبەرگی خۆپیشاندەران لەگەڵ شێوەی پۆشینی گەنجانی ئێران دەگونجێت ؟

لەڕاستیدا، ئەم وێنەیە لە هیندۆراس لە مانگی دیسەمبەر/ كانونی یەكەم گیراوە

ئـەم ڤیـدیۆیـەی لـە خوارەوە لینكـەكـەی دانراوە، نموونـەیـەكی ترە لـەســــەر بڵاوبوونـەوەی هـەواڵی درۆ بـە شـێوەیەكی بەرفراوان، بە شـێوەیەكی فراوان لەناو ڕاسـتڕەوە توندڕەوەكانی ئەوروپا بڵاوبووەوە، وا خرایەڕوو كە بەركەوتنیە لە نێوان پۆلیس و پەنابەرانو لە ١٩ی ئەیلولی ٢٠١٥ لە شـاری ئەرفۆرت، لەناوڕاسـتی ئەڵمانیا ڕویداوە . لەڕاســـتیدا هەموو ئاماژەكان بۆ ئەوە دەچـــن زۆر دوور بێت لەڕاســـتییەوە بە بەڵگەی ئەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی پۆلیس لە ڤیدیۆكە دەركەوتوونو ڕەنگیان ســەوزە هی شــاری ئەرفۆرت نین، چــونكە لەماوەی ڕابردوودا پۆلیســی ئەو شــارە ڕەنگی هەموو ئۆتۆمبیلاكانیان گۆڕیبوو بۆ ڕەنگی شــین، هاوكات هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لە ڤیدیۆكە دەبیســـترێن بە زمانی ئەڵمانین نەك زمانێكی تر ئەمەیش بۆ خۆپیشـــاندانێك كە پەنابەرانی فرە زمان یەشداری تێدا بكەن شتێكی نامۆیە .

لەڕاسـتیدا ئەم ڤیدیۆیە لە سـاڵی ٢٠١١ گیراوە لە خۆپیشـاندانەكانی شـاری دۆرتمۆند، خۆپیشـاندانی گرووپە ڕاستڕەوە توندڕەوەكانی سەر بە بەرەی نازیزمی نوێن .


http://observers.france٢٤.com/ar/٢٠١٥٠٩٢٣-فيديو-اللاجئين-ألمانيا-النازيين-تضليل

نەخشەكانی گوگڵ و گوگڵ ئێرس و ستریت ڤیو

بۆ سەلماندنی ڕاستو دروستی وێنە پێویستە وردبین، سەرنجی جلوبەرگ، ئەندازیاری تەلارسازی شوێنەکە، کەشوهەوا، شێوەزاری قسەکەران...هتد . هاوکات دەکرێت هەندێك ئامراز بەردەستن بۆ بەدیهاتنی ڕاستو دروستی گرتنی ئەو وێنەیە لەو شوێنەی باس دەکرێت، ئامرازەکانی نەخشەکانی گوگڵ و گوگڵ ئێرس و ستریت ڤیو زۆر بەسوودن، چونکە ڕێگە دەدەن بە شێوەی پانۆرامی شەقامەکانو ڕەهەندەکانو شێوەی بەرزو نزمی ناوچەکە بخەنەڕوو . (ڕاهێنان: بە وردی سەیری ئەم وێنەیە بکە . چۆن وردبینەوە لە ڕاستیو دروستی شوێنی گرتنی وێنەکە ؟)



ئەگەر سەرنجی بەشی لای ڕاستی بەشی خوارەوەی وێنەکە بدەیت دەبینی نووسراوە ٢٠, Bowery ، کاتێك دەگەڕێت بۆ نەخشەکانی گوگڵ پێت دەڵێت ئەم وێنەیە هی گەڕەکی چینییە Chainatown لە ناوڕاستی نیویۆرك، دواتر دەچینە سەر ستریت ڤیو بەراوردی دەکەین، ئەم ئەنجامەمان بۆ دەردەکەوێت .




نەخشـــەکانی گوگل و گوگل ئێرس بە زۆری لە پرۆســـەی وردبوونەوە بەکار دەهێنرێن. گروپی Bellingcat پســـپۆڕن لەم بوارە، ئەم شـێوازە بەکار دەهێنن بۆ دۆزینەوەی شـوێنی جوگرافی رووداوو هەواڵ، زۆر جاریش بانگەواز بۆ خەڵکی دەکەن تا بەشـدار بن لە لێکۆڵینەوەکانیان لەبارەی دۆزینەوەی شـوێنی جوگرافی . لینکی گروپی Bellingcat .

https://www.bellingcat.com/resources/case-studies/٢٠١٤/٠٨/٢٢/gun-safety-self-defense-and-road-marches-finding-an-isis-training-camp/


کێ بڵاوی کردووەتەوە ؟

کاتێك دەتەوێت لە ڕاسـتو دروسـتی ڤیدیۆیەك بکۆڵیتەوە، پێویسـتە بگەڕێتەوە بۆ تۆماری مێژوویی یەکەمین کەس کە بڵاویکردووەتەوە، ئایا ئەو ڤیدیۆیانە بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێك بڵاودەکاتەوە ؟ هەموو ڤیدیۆکانی لەبارەی هەمان شوێنەوەیە ؟ ئەم بەدواداچوونە بۆ بردنەوەی کاتە تا زوو بزانی ئایا ئەو کەسە ڕاستگۆیە یان نە ؟



بۆ نموونە : لەگەڵ دەستپێکردنی بوردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی روسیا لە سوریا، راستەوخۆ دوای مانگی ئەیلولی ٢٠١٥ دەیان ڤیدیۆ لەســـەر یوتیوب دابەزی، کاتێك ســـەرنجی تۆماری مێژوویی کەناڵەکەی یوتیوب دەدەی تێبینی ئەوە دەکەیت ئەو کەناڵە چـــەند مانکێکە ڤیدیۆ لە شـــاری تلبیســـەوە بڵاو دەکاتەوە، هەر لە ڕاستییدا ئەم شارە لە لایەن فڕۆکە روسییەکانەوە بۆردومان کراوە .

ئەمە بە تەواوەتی بەڵگە نییە لەســـەر ئەوەی ئەو ڤیدیۆیە لە تلبیســـە گیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەناڵەکە لەو شارەوە پەخش دەکات ئاماژەیەکی ئەرێنییە لەسەر ڕاستگۆیی کەناڵەکە .



دڵنیابوون لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە :

بۆ دڵنیابوون لە ڕاســـتو دروســـتی وێنەو ڤیدیۆکان، پێشـــنیار دەکەین لەگەڵ کەســـانی تر لەســـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی یەکتر بدەن، چـونکە ئەمە هەلی زیاترت بۆ دەڕەخسـێنێت تا وەڵامی پرسـیارەکانت بەدەست بهێنیت .

بۆ نموونە لە بیرمانە چـــۆن بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەر بوون بۆ دۆزینەوەی وێنە هەڵخەڵەتێنەرەکانی کوشـــتنی بن لادن لە ٢٠١٢ کە ئەو کات زۆر بە بەرفراوانی بڵاوەوە، کاتێك خەریکی دڵنیابوونی لە وێنەو ڤیدیۆیەك کۆمێنتەکانی ســـەر بڵاوکراوەکەت لە فەیســـبوك و تویتەر فەرامۆش مەکە لەوانەیە کەسێك لەوان وێنە ڕاستەقینەکەی دۆزیبێتەوە .



بۆ ســـاختەکردنی ئەم وێنەیە کە گوایە بن لادن مردووە، قۆڵبڕەکان هەســتاون بە تێکەڵکردنی وێنەیەکی دامەزرێنەری ڕێکخراوی قاعیدە لەگەڵ وێنەی کوژراوێك لە عێراق .

زۆرێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زۆر زمان بەکار دەهێنرێت، دوو دڵ مەبە لە داواکردنی هاوکاری لەوانی تر بەتایبەت لەوانەی کە شارەزان و بە زمانی تر قسە دەکەن، سوود لە وەرگێڕانی ئەلکترۆنی وەربگرە .

پەرە بە تۆڕی تایبەتی خۆت بدە :

تۆڕی چــاودێران – فرانس ٢٤ لە ســاڵی ٢٠٠٧ تۆڕی چــاودێرانی تایبەتی خۆی دامەزراندووە، لە ئەمڕۆدا ئەندامانی لە ٦٠٠٠ هەزار ئەندام زیاترە . ڕۆژانە ڕوماڵی ڕووداوەکان دەکەن، پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵیان هەیە، بە هاوکاری ئەوان لە توانامانداهەیە بە کاتێکی زۆر کەم لە ڕاســتو دروســتی وێنەکان دڵنیا بین .

چەندان نموونە هەیە لەبارەی هاریکاری نێوان ڕۆژنامەنووسانی فرانس ٢٤ و تۆڕی چاودێران لەوانە :

لەمانگی تشــرینی یەکەم، وێنەمان بۆ هات لەبارەی ڕووداوی کوشــتن لە ناوڕاســتی یەکێك لە شــەقامەکانی شاری کۆناگری پایتەختی گینیا .



وێنەکە بۆ چەند چاودێرێك لەو شارە نێردرا، یەکێکیان ناونیشانی دەرمانخانەیەکی ناسی کە لە وێنەکە دەرکەوتووە لە ڕێگەیەوە توانی شوێنەکە دیاری بکات، دواتر چاودێرەکان چوونە شوێنی ڕووداوەکەو شایەتحاڵەکانیان دواند و چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا ئەمەیش ئاسانکاری بۆ ئێمە کرد تا ڕووماڵی ڕووداوەکە بە باشترین شێوە بکەین .

ڕۆژنامەوان پێویستە تۆڕی پەیوەندییەکانی لەسەر تویتەر و فەیسبوك فراوان بکات، تا بە تێپەڕبوونی کات تۆڕەکە فراوانتر دەبێت، ئەمە ئاسانکاری بۆ ڕۆژنامەوان دەکات تا ڕووماڵی ڕووداوەکان بە باشترین شێوە بکات .

شتە خۆڕسکەکان فەرامۆش مەکە ؟

قسەمان لەبارەی تەکنیکەکانی شیکردنەوەی وێنەو بنکۆڵکردنی وێنەکرد، بەڵام ئەی لایەنی خۆڕسکی ڕۆژنامەوان ؟ هەندێك جار پێویستە پشت بە هەستەکانت ببەستی .. ئەم لایەنە فەامۆش مەکە

میدیا فریوت دەدات، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو فریوت دەدات .

بەداخەوە خاوەنی ریکلامەکان زیاتر و زیاتر پەنا بۆ وێنەو ڤیدیۆ ساختەکان دەبەن بۆ فریودانت و ریکلامکردن بۆ کاڵاکانیان . کاتێك وەك ڕۆژنامەوان کار دەکەیت ئەوە فەرامۆش مەکە کە زۆر لایەن هەیە دەیەوێت فریوت بدات چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی دایە، ئەو لایەنانە لەوانەیە وڵاتان بن یان خاوەنی تیۆرەی پلانگێڕی یان تەنانەت کەسانێك کە لە نییەت پاکیانەوە ئەوە دەکەن .

لەوانەیە ئەو ڕێکخراوانەی لەبواری مافەکان کار دەکەن یان چالاکوانان بە بێ مەبەست وێنەی ساختەت بۆ بنێرن، بۆیە پێویستە هەمیشە وریا بیت و گومانت هەبێت لەسەرچاوەی وێنەو ڤیدیۆکان تا دڵنیا دەبیت لێیان.
هەندێك ماڵپەڕی تر کە یارمەتیدەرن لە دیاریکردنی سەرچاوەی وێنەو ڕاستو دروستی وێنە :

https://www.tineye.com
http://fotoforensics.com
http://www.izitru.com
https://www.imageforensic.org

تێبینی : تکایە ئەوە فەرامۆش مەکە خاوەنداریێتی ئەم تێکستە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی (چاودێران – مراقبون) کەناڵی فرانس ٢٤ .. تۆیش دەتوانیت ببیتە چاودێر .. سەردانی ئەم لینکە بکە
http://observers.france٢٤.com/ar/



لینکی وتارەکە
http://observers.france٢٤.com/ar/٢٠١٥١١٠٩-كيف-تتحقق-من-صحة-الصور-والفيديوهات-على-مواقع-التواصل-الاجتماعي

پێشنیاری فۆلۆکردن :

بۆ زانینی زانیاری زیاترو ئاگابوونتان لە ڕاستییەکان ئەم هەژمارانەی تویتەر دەخەینە بەردەستان کە هەژماری کەسانی پسپۆڕن لەبواری دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی وێنەو ڤیدیۆکان .

@malachybrowne @acarvin @reportedly
@Tom_El_Rum @checkdesk
@Claire Wardle رۆژنامەنووسە لە TowCenter
@firstdraftnews @JenniSarge
@dhrutishah رۆژنامەنووسە لە @BBCnews
@Joey_Galvin رۆژنامەنووسە لە @storyful
@jospang رۆژنامەنووسە لە @revealEU
@AMLloOpOo

سەرچاوە ئینگلیزییەکان :

- Verification handbook
- Malachy Browne's tips on verification – in ١٢ tweets
- First Draft
- UGC Storyful
- Citizen Evidence Lab

ئەم وتارە بە هاوکاری رۆژنامەوان Julien Pain هاتووەتە بەرهەم





OBSERVER?



FRANCE 24